توێژەر/شاگوڵ فاضل عثمان

زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی مێژوو

# ناونیشانی توێژینەوە/ هۆکار و دەرئەنجامەکانی جەنگی جیهانیی دووەم

بابەت/ مێژوویی

٢٠٢٣ز

گەر ویستت کۆنترۆڵی خەڵکی بکەی، پێیان بڵێ ئەوان لەژێر مەترسییەکی ڕاستیدان بەوە بیانترسێنە کە ئاسایشی ئەوان لەژێر مەترسیدایە
پاشان ئەوانەی لە دژت ڕادەوەستن بە خیانەت تۆمەتباریان بکە و گومان بخە سەر دڵسۆزیان بۆ نیشتمان

ئەدۆڵف هتلەر “

# پێڕست

پێشەکی

**بەشی یەکەم** _ ئەڵمانیا پێش جەنگی جیهانیی دووەم

تەوەرەی یەکەم _ ئەڵمانیا پێش جەنگی جیهانیی دووەم

تەوەرەی دووەم _ هتلەر و پارتی نازی لە ئەڵمانیا

**بەشی دووەم _** قۆناغەکانی جەنگی جیهانیی دووەم و ئەڵمانیا

تەوەرەی یەکەم _ هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی جەنگ

تەوەرەی دووەم _ هێرشی ئەڵمانیای نازی بۆ سەر پۆڵەندا

تەوەرەی سێیەم _ هێرش بۆ سەر دانیمارک و نەرویچ

تەوەرەی چوارەم _ هێرش بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت

تەوەرەی پێنجەم _ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بەریتانیا , فەڕەنسا , ئیتاڵیا

تەوەرەی شەشەم _ هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ ناو جەنگ

**بەشی سێیەم _** دەرئەنجامەکانی جەنگ و شکستی ئەڵمانەکان

تەوەرەی یەکەم  _  هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی ئەڵمانیا

تەوەرەی دووەم  _  دەرئەنجامەکانی جەنگی جیهانیی دووەم

دەرئەنجام

لیستی سەرچاوەکان

پاشکۆ

# هێما کورتکراوەکان

چ _ چاپ

و _ وەرگێران

س.پ _ سەرچاوەی پێشوو

ژ._ ژمارە

ل _ لاپەڕە

د _ دکتۆر

ب.س.چ _بێ ساڵی چاپ

ب.ش.چ _بێ شوێنی چاپ

## پێشەکی

جەنگی جیهانیی دووەم یەکێکە لەو ڕووداوە گرنگە مێژووییانەی کە لە سەدەی بیستەم ڕوویدا بارودۆخی سیاسی و جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو وڵاتانی ئەوروپی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە . وڵاتی ئەڵمانیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە بەزۆری کەوتە ژێر کاریگەری ئەم جەنگەوە و بەتەواوی دوچاری لێکترازان بوو، لەم توێژینەوەیەدا باسمان لە ڕۆڵی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا کردوە و هۆکار و دەرئەنجامەکانی .ئەم توێژینەوەیە بەگشتی پێکدێت لە پێشەکی و سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ، بەشی یەکەم باس لە ئەڵمانیا دەکات پێش جەنگی جیهانیی دووەم کە پێکدێت لە دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم باس لە ئەڵمانیا دەکات پێش جەنگ و تەوەرەی دووەم باس لە هتلەر و پارتی نازی دەکات لە ئەڵمانیا .بەشی دووەمیش باس لە قۆناغەکانی جەنگ لە ئەڵمانیا و هۆکارەکانی دەکات کە پێکهاتووە لە شەش تەوەرە، تەوەرەی یەکەم باس لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگ دەکات وە تەوەرەی دووەم باس لە جەنگ دەکات دژی پۆڵەندا و تەوەرەی سێیەم باس لە هێرشکردن بۆ سەر دانیمارک و نەرویچ دەکات، هەروەها تەوەرەی چوارەم باس لە هێرشکردن بۆ سەر خاکی سۆڤیەت دەکات تەوەرەی پێنجەمیش تایبەتە بە باسکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەر یەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا تەوەرەی شەشەم و کۆتایی بەشی دووەمیش تایبەتە بە هاتنی ئەمریکا بۆ ناو جەنگ .بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە دەرئەنجامی جەنگ و شکستی ئەڵمانەکان کە ئەمیش لە دوو تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم باس لە هۆکارە سەرەکیەکانی شکستی ئەڵمانەکان دەکات تەوەرەی دووەمیشی باس لە دەرئەنجامەکانی جەنگی جیهانیی دووەم دەکات، لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا لیستی سەرچاوە و دەرئەنجام و پاشکۆم خستوەتەڕوو .

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسیارە سەرەکیانەی کە لامان دروست بووە لەسەر ئەم جەنگە بۆچی ڕوویدا؟ زەرەر و زیانە ماددییەکانی چەند بوو؟ کاریگەری لەسەر وڵاتانی بەشداربوو چی بوو؟ ئامانجم وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە و زانین و خستنەڕووی ئەو کاریگەریانەیە کە جەنگ دوای خۆی بەجێیهێشت .وە ناساندنی وڵاتە زلهێزەکانی بەشداربووی جەنگە کە لەپێناو بەرژەوەندی و مانەوەی پێگەی خۆیان ئەم جەنگەیان بەرپاکرد .هەر بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵمداوە بەپێی پێویست سەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانی جەنگ باسبکەم و بیخەمەڕوو بۆ خوێنەر و هیوادارم توانیبێتم بەشێوازێکی ئەکادیمی و گرنگ لەو بوارەم ڕوانیبێت و باسم کردبێت .هەروەها توانیبێتم کەلێنێک لە کتێبخانەی مێژوو و زمانی کوردی پڕبکەمەوە.

# ئەڵمانیا پێش جەنگی جیهانیی دووەم

دوای دۆڕانی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم بارودۆخی سیاسی وڵات شڵەژاوبوو چەندین شۆڕشی ناوخۆیی بەرپابوو داوای لابردنی ئیمپراتۆریەتیان دەکرد لەگەڵ دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری نوێ .قەیسەر ولیەمی دووەم هەوڵیدا هێز بەکاربهێنێت بۆ دامرکانەوەی شۆڕشەکان، بەڵام سوپا ملکەچی ئەم داوایە نەبوو بۆیە ناچار بوو وازی لە دەسەڵات هێنا[1] .بۆیە هەموو ڕووداوە ناوخۆیی و دەرەکیەکان یارمەتیان دەدا بۆ ئەوەی باری ناوخۆیی ئەڵمان خراپتر بکات .وە بێ بەش بوونی ئەڵمانیا لە داگیرکراوەکانی هۆکارێکی دیکەبوو بۆ خراپ بوونی بارە ناوخۆییە جێگیر نەبووەکان، هێزی چەپی جیهانی هەوڵیدا ئەڵمانیا ڕابکێشێت بەلای خۆیدا کە سەرەتای پێ داکوتانی دەستی پێکرد و خۆی دەسەپێنێ بەسەر جیهاندا[2] .لەنێو ئەم بارودۆخەدا لە کانونی دووەمی ١٩١٩ کۆمەڵەی نیشتمانی پێکهێنرا بۆ دانانی دەستووری ئەڵمانی کە ئەم کۆمەڵەیە کۆبوونەوەیەکی کاتی لە لە شاری فیمار بەست بۆ دانانی حکومەت، بەرلین لەو کاتەدا توشی خۆپیشاندان بووبوو.

حکومەت دامەزرا و بەناوی کۆماری فایمار ناسرا حکومەتەکە توشی ناڕەزایی ناوخۆیی بووەوە بەتاییەت دوای بەستنی پەیمانی ئاشتی ١٩١٩ز. لەگەڵ فەڕەنسا و توشی کێشەی زۆری ئابووری بوو بە تاییەت دوای ئەوەی سەرۆکی فەڕەنسا فشاری لە ئەڵمانیا دەکرد بۆ زوو دانەوەی قەرەبووەکان کە لە ئاست ئەڵمانیادا نەبوون بەهۆی ئەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢٣ نەیتوانی قیستی غەرامەی جەنگی بدات لەبەرانبەر بە ئەم قەرەبووە سوپای فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٢٣ناوچەی ڕۆهۆیان داگیرکرد کە ناوچەی پیشەسازی ئەڵمانیا بوو لەپاش ئەمە گریانی خەڵک لە مێژووی ئەڵمانیادا گەیشتە ئاستێکی یەکجار سەخت و توشی هەژاری و نەداری و بێکاری بوونەوە[3] .لەم بارودۆخە بزوتنەوەی ئەدۆڵف هتلەر سەریهەڵدا کە باوەڕی بە چارەنووسی گەلی ئەڵمانیا هەبوو، هتلەر گەلی ئەڵمانیای بە گەلێکی باش و سەرکردەی هەموو گەلانی دنیا لەقەڵەمدا هەوڵیدا کە ئەم گەلە هەڵسێنێتەوە سەر پێی خۆی[4] .مەترسییەکانی هەڵایسانی جەنگێکی تازە لە لایەن هیتلەوە لە ئەوروپا جەنەڕاڵەکانی سەرسام کرد دەیویست لەنێو بەرەی هێزەکانیدا جموجوڵێکی نوێ وەڕێبخات زیاتر لەوەش هتلەر سەرجەم سەرۆکایەتیە گشتیەکانی سوپای ئەڵمانیای سەرلەنوێ ڕێکخستەوە و پلەی سەرۆکایەتی هێزە گشتیەکانی هێزی وشکانی و ئاوی و ئاسمانی خستە سەر شانی خۆی، بەم جۆرە تا سەرەتای ساڵی ١٩٣٨ خەڵکی ئەڵمان لەگەڵ گشت هێزە چەکدارەکان لەژێر فەرمانی تەنیا پیاوێکدا بوون کە ئەدۆڵف هتلەرە[5].

---

1 .پ.د ئەرسن موسا ڕەشید : ڕۆڵی ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی ، گۆڤاری مێژوو ، ژ.١٦ ، چاپخانەی منارە ، ل.١٥٧

2 ڕەمەزان لاوەند : جەنگی جیهانیی دووەم ، و.سەفین لاوچاک ، چ١ ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل٩

3 ئەرسن موسا ڕەشید : س.پ ، ل. ١٥٧

4 ڕەمەزان لاوەند : س.پ ، ل. ١١

5 فیلیپ گاڤن : جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەوروپا ، و .عەبدوڵا عومەر نەژاد ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ل.٤٤

# هتلەر و پارتی نازی لە ئەڵمانیا

ئەورووپا لە ساڵی ١٩٣٣ز. ئەو ساڵەی نازییەکان لە ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی ئەدۆڵف هتلەر ئەڵمانیایان بەدەستەوە گرت چووە ناو قۆناغێکی نوێوە، بەوە ناسرا کەوتنە هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەیانەوە کە پێشتر هتلەر ئاشکرای کردبوو بریتی بوو لەوەی ئەڵمانیا بگەیەنێتە پایەی دەوڵەتە گەورەکان .لە میانەی هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنی ڤێرسای ١٩١٩ و دامەزراندنی سوپایەکی بەهێزی ئەڵمانی و کۆڵۆنەکانی پێشووی ئەڵمانیاش بگەڕێنێتەوە کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەدەستی دابوو و ناوچەی سار و ڕێڕەوی پۆڵەندا بگەڕێنێتەوە و هەموو ئەڵمانیاش بکاتە دەوڵەتێک نەمسا بهێنێتە ناو سنووری خۆی و بەشێکی چیکۆسلۆڤاکیا و بخاتە سەر ئەڵمانیای گەورە[6] .هتلەر دوای بوونە ئەندام لەو حزبە لە ئەیلولی ١٩١٩ لە تەمەنی سی ساڵی هەوڵی خۆی لە پێناو سەرخستنی ئەو حزبە دەستپێکرد .

هتلەر لە دانیشتنی شوباتی ١٩٢٠ بەرانبەر دوو هەزار کەس بەرنامە سیاسیە ٢٥ماددیەکەی حزبی کرێکارانی ئەڵمانیای ڕاگەیاند، ئەم بەرنامەیە پەیمانی ڤێرسای بەگشتی ڕەتکردەوە و پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت مافی هاوولاتیبوون لەسەر بنەمای ڕەگەز بدرێت و نابێت جوولەکەکان بە ئەڵمانی دابنێرن[7] . هتلەر هەر کە دەسەڵاتی وەرگرت کەوتە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بەم جۆرە یەکەم کشانەوەی ئەڵمانیا لە کۆمەڵەی گەلان و دووەم سیستمی بەزۆر سەربازی کردن سێیەمیش داگیرکردنی ناوچەی ڕاین بوو[8] . ئیمپراتۆریەتی هتلەر لەسەر گوێڕایەڵی تەواوی خەڵکی ئەڵمانیا بنیادنرابوو .هەر فەرمانێک هتلەر دەریدەکرد دەبوا بێ ئەملاوئەولا جێبەجێ بکرایە هتلەر چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە هەمووان پەسەندی بکەن چونکە لە هەڵبژاردنی ١٩٢٣ ملیۆنان ئەڵمانی بە دژی ئەو دەنگیان دابوو، هتلەر بۆ سەرکەوتن لەم شەڕە پێویستی بە زاڵبوون بوو بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەڵمانیادا نەک سیاسەت[9] .بەهۆی ئەو هەڵاوسانەی ئەڵمانیا توشی هات دراو دابەزی و ئاژاوەگێڕی دژە دیموکراسی لە سەرانسەری ئەڵمانیادا هاتوهاواری وەڕێکخست و خوازیاری کردەوەیەک بوون بۆ گۆڕان، لەم کات و ساتەدا نازییەکان بە ٥٥ هەزار لایەنگرەوە گەورەترین گرووپی دژبەر بوون لە ویلایەتی باڤاریادا .ئەندامە توندڕەوەکانی حزب بە سەرنجدانی بارودۆخی ناسەقامگیری ئەڵمانیا هەستیان بەوە دەکرد کە کاتی هاتووە بە زەبر و زەنگی دەسەڵات بگرنە دەست و داوایان لە هتلەر دەکرد بێتە کایەوە[10].

---

[6] د.عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی :مێژووی ئەمریکا ، و.محمود عەبدولا ، چ١ ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، ل.٢٤٥
[7] ڕەمەزان لاوەند : س.پ ، ل.٢١٧
[8] عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی : س.پ ، ل.٢٤٥.
[9] گیل بی ستوارت : ئیمپراتوریەتی هتلەر ، و.هەژار ڕەحیمی ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ل.٨٥
[10] فیلیپ گاڤین : س.پ ، ل.٢٣ .

# هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم

هتلەر لە ساڵی ١٩٣٣ حکومەتی ئەڵمانی گرتبووە دەست و مۆسۆلینیش کە دیکتاتۆری ئیتاڵیا بوو هەردووکیان دەیانویست گۆڕانکاری لە سنوورەکانی ئەوروپادا بکەن .هتلەر کەسێکی دڵڕەش بوو کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەمیشە ئامادەی جەنگ بوو ئەو خێراییە لە ڕێکخستنەوەی سووپا کرد و حکومەتی ژێردەستی خۆی فراوانکرد بۆ ئەوەی هەندێک لە وڵاتانی دراوسێی خۆی داگیربکات و لەم ڕووەوە تا ساڵی ١٩٣٨ ئەڵمان جارێکی دیکە بوو بە بەهێزترین دەوڵەتی سەربازی لە ئەوروپا .بەریتانیا و فەرەنسا نەیاندەویست جەنگێکی دیکە یەقەیان بگرێت لەبەر ئەوە ڕەزامەندییان بۆ هەندێک لە خواستەکانی هتلەر نیشاندا[11] .

دەتوانین چەند هۆکارێکی سەرەکی کە کاریگەری گەورەیان هەبوو لە کەوتنەوەی جەنگی جیهانی دووەم دەستنیشان بکەین لەوانە کێشەکانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و بەندەکانی کۆنگرەی ئاشتی پاریس، چونکە هەندێ وڵات لەم ڕەوشەی کە لەدوای جەنگەوە هاتبووە ئاراوە ڕازی نەبوون بەتایبەتیش ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن .ئەڵمانیا هەر لە سەرەتاوە بە بەند و مەرجەکانی کۆنگرەی ڤێرسای ڕازی نەبوو لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی زۆری بڕێنرابوو، هەروەها قەرەبوویەکی زۆری خرابووە سەر ئابلۆقەی سەربازی و چەک و جبەخانەی بەسەرەوە بوو بۆیە هەر لەدوای ساڵی ١٩١٩ ئاراستەیەکی بەهێز لە ناوەوەی ئەڵمانیا بۆ گۆڕینی ئەو ڕێکەوتننامەیە کاریان دەکرد کە دواجار ئەم ئاراستەیە بە هاتنە سەر حوکمی پارتی نازیزم بەسەرۆکایەتی هتلەر دەستیان بە پیادەکردنی ئەم نیازەیان کرد و هەوڵەکانیان پرکردەوە کە هەنگاو بە هەنگاو ئەو ڕێکەوتننامەیان هەڵوەشاندەوە[12].

---

[11] داڤید گیلینگرەی : دوو جەنگی جیهانی ، و.ئاگر ئەفشین ، ب.س.چ ، ب.ش.چ ، ل.١٨-١٩

[12] سامان حسێن : زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی تا کۆتایی جەنگی سارد ، چ١ ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل.١٣٩

- مۆسۆلینی - کەسایەتی سیاسی ئیتاڵی بوو ڕێبەر و سەرۆکی حیزبی نێونەتەوەیی فاشیزمی بوو ، فەرمانڕەوایی ئیتاڵیای کرد لەنێوان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٤٣ .

هۆکارەکان مشتومڕیان لەسەرە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لە جەنگی دووەمی ئیتاڵیا و ئەسیوبیا و جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا و جەنگی دووەمی چین و ژاپۆن و ململانێ سنووریەکانی سۆڤیەت و ژاپۆن سەر هەڵدانی فاشیزم لە ئەوروپا و بەرزبوونەوەی گرژیەکانی ئەوروپا لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە .بەگشتی لە جەنگی جیهانی دووەم لە ١ی ئەیلولی ١٩٣٩ دەستیپێکرد کاتێک ئەڵمانیای نازی لە سەردەمی ئەدۆڵف هتلەردا هێرشی کردە سەر پۆڵەندا دواتر شانشینی یەکگرتوو و فەرەنسا لە ٣ی ئەیلول شەڕیان دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند بەپێی پەیمانی مۆلۆنۆڤ -ڕیبنتۆپ لە ئابی ساڵی ١٩٣٩ ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیەت پۆڵەندایان دابەشکردبوو و کاریگەری خۆیان لە فنلەندا-ئیستۆنیا-لاتڤیا-لیتوانیا و ڕۆمانیادا دیاری کردبوو . لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٤١ لە زنجیرەیەک پەیماننامەدا ئەڵمانیا بەشێکی زۆری کیشوەری ئەوروپای داگیرکرد و هاوپەیمانی تەوەری لەگەڵ ئیتاڵیا و ژاپۆن پێکهێنا، دوای دەستپێکردنی هەڵمەتەکان لە باکوری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و ڕووخانی فەرەنسا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٠ شەڕەکە بە پلەی یەکەم لەنێوان زلهێزەکان تەوەری ئەوروپا و ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بەردەوام بوو لەگەڵ شەڕ لە بالکان . شەڕی ئاسمانی بەریتانیا و شەڕی زەریای ئەتڵەسی لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ ئەمریکا سەرکردایەتی زلهێزەکانی تەوەری ئەوروپای کرد بۆ لەشکرکێشییەک دژی یەکێتی سۆڤیەت و بەرەی ڕۆژهەڵات کە گەورەترین شانۆی وشکانی جەنگ بوو لە مێژووودا[13].

[13] محەمەد ڕزگار : جەنگی جیهانی دووەم ، ٢٠٢١/٤/٩ _٢٠٢٣/٥/٣ ، کۆدی بابەت ٤٣٢٤
https://zaniary.com/blog/60705ce3dc4e4

## هێرشی ئەڵمانیای نازی بۆ سەر پۆڵەندا

دوای ئەوەی ئەڵمانیا دەست بەسەرداگرتنی نەمسا و بەشێکی زۆری چیکۆسلۆڤاکیای بۆ چووە سەر ئەو بێ هەڵوێستیەی زلهێزەکانیش ئەوەندەی تر هتلەری هاندا فشارەکانی بۆ سەر پۆڵەندا دەست پێبکات .کێشەی نیوان ئەڵمانیا و پۆڵەندا بەهەمان شێوە دەگەڕایەوە بۆ کێشەکانی کۆنگرەی ئاشتی پاریس، چونکە هاوپەیمانان لەوێدا بڕیاریان دابوو کە ڕێڕەوێکی پۆڵەندی دابمەزرێنن و لە ڕێگایەوە پۆڵەندا بە دەریای بەڵتیکەوە ببەستێتەوە لەسەر بەندەری دانتزیک .دانتزیکیش ببێتە شارێکی سەربەخۆ و لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا بێت ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پروسیا لە ئەڵمانیا دابڕێت و تاکە ڕێگەی پەیوەندی نێوان ئەو ناوچەیە و ئەڵمانیا هێڵێکی ئاسنی بێت کە بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی پۆڵەندا بێت .ئەگەر چی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٤ـەوە پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردنی لەگەڵ پۆڵەندا بۆ ماوەی دە ساڵ مۆرکردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازییەکان دوای سەرکەوتنەکانیان لە ناوچەکانی پێشووتر و لاوازی هەڵوێستی بریتانیا و فەڕەنسا پابەند نەبوون بەو پەیماننامەیە و وردەوردە هێرشەکانیان لەڕووی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەوە بۆ سەر پۆڵەندا دەستی پێکرد[14].

جەنگ دەستی پێکرد بەبێ ئەوەی ئەڵمانیا بە فەرمی جەنگ دژی پۆڵەندا ڕابگەیەنێت، هێزەکان ئەڵمان دەستیان بە جەنگێکی کەمەرشکێن کرد ماوەی دوو هەفتەی زۆر ترسناکی خایەند کە وێنەی نەبوو لە جەنگی نوێدا لە ڕووی کوشتن و ترس و وێرانکاریەوە بۆیە هێزە ئاسمانیەکانی ئەڵمانیا کەوتنە وێران کردن و سوتاندنی شار و گوندەکانی پۆڵەندا و کردیانە چەند پاشماوەیەک لە خۆڵەمێش بۆیە پۆڵەندیەکان ناچاربوون هەڵبگەڕێنەوە لە بەرانبەر هێزە زرێپۆشەکانی ئەڵمان کە هەڵیانکوتابووە سەریان[15].

---

[14] سامان حسێن : س.پ ، ل.١٣٧ .

[15] هـ.ا.ل فیشەر : مێژووی نوێی ئەوروپا ، و.شوکرو سلێمان - سەروین ئەرجان ، چ٣ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ٢٠١٥، ل.٦٢٨

هێزەکانی هتلەر سەرلەبەیانی ١ی ئەیلولی ١٩٣٩ دەستیان کرد بە هێرش و فڕۆکە و تۆپەکانیان ئاسمانی پۆڵۆنیایان پڕکردەوە جەنگ لە کاتێکدا بەرپابوو کە پۆڵۆنیەکان وایان دەزانی هتلەر ئامادەیە بۆ دەرگا کردنەوەی گفتوگۆ سەرلەنوێ، بەڵام شمشێری سەرزەنشت پێشکەوت جەنگ بەرپابوو بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی فەرمی و بێ هیچ ڕاگەیاندنێک .دوو ڕۆژ تێپەڕ بووبوو بەسەر جەنگەکە زۆربەی فڕۆکە جەنگیەکانی پۆڵۆنیا لەناوچوو بە هەزارەها فڕۆکەی نازییەکان هێرشی کتوپڕیان دەکرد[16] .

ئەڵمانەکان توانیان دەست بەسەر حەوزی سیلیزیای پیشەسازیدا بگرن و بەهێزترین هێڵی بەرگری پۆڵەندیان تێکشکاند و گەیشتنە وارسۆ .سەربازانی ڕووسی ڕۆشتن بەرەو سنووری پۆڵەندای ڕۆژهەڵات و دەستیان گرت بەسەر ئەو زەویانەی کە ئەڵمان و ڕووسەکان ڕێکەوتبوون لەنێو خۆیاندا کە ئەوە پشکی ڕووسیا بێت لە دەسکەوتەکان، بۆیە پاشماوەکانی سوپای پۆڵەندی ناچار بوون بە خۆبەدەستەوەدان، بەدەست ڕووسەکان یان بۆ ئەڵمانەکان بۆیە سەربازگەی وارسۆ یەکەم جار کەوتە بەرگری کردن لە پایتەختی وڵات، بەڵام ناچار کرا کە خۆیان بەدەستەوە بدەن لە ٢٨ی ئەیلول بەوەش هەموو بەرگریەکی ڕێکخراوی هۆڵەندی کۆتایی پێهات .ئەڵمانیا توانی بە زەرەر و زیانێکی کەم لە سەرباز و چەک و تەقەمەنییەوە بیست و یەک ملیۆن دانیشتووان بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و دەست بگرێت بەسەر دەرامەتە زۆرەکانی پۆڵەندا لە ڕووی کشتوکاڵی و پیشەسازیەوە[17].

---

[16] ئەرسن موسا ڕەشید : س.پ ، ل.١٦٣ .

[17] هـ.ا.ل فیشەر : س.پ ، ل.٦٢٨ .

## هێرش بۆ سەر دانمارک و نەرویج

بەشێکی زۆر لە ئاسنی خاوی ئەڵمانیا لە سویدەوە دەهات، بەڵام لەو مانگانەدا کە بەڵتیک بەهۆی بەستەڵەکەوە دەیبەستێت ئەڵمانیا ناچار دەبوو لە ڕێگەی میناى نارڤگی نەرویچەوە ئەو کەرەستانە بەدەست بهێنێت بۆیە بەریتانیا پلانێکی دانا بۆ ئەوەی ئەو بەندەرە دەست بەسەر بکات یان خودی ئەو کانە ئاسنانە کە لە سووید هەبوون .ئەمەش مەبەستی کرانەوەی بەرەیەکی تری جەنگ بوو بەرانبەر هتلەر لە ناوچەکانی ئەسکەندەناڤیا، بەڵام هتلەر زۆر بە توندی وەڵامی ئەمەی دایەوە و تەنیا بەمەشەوە نەوەستا ڕێگاکانی لەو ناوچەیەدا بپارێزێت بەڵکوو، بڕیاری دا ناوچەکە داگیربکات بۆیە لە ساڵی ١٩٤٠ هێرزەکانی ئەڵمانیا بێ بەرگری کردنێکی ئەوتۆ دانیمارکیان داگیرکرد و هەروەها لە چەند شوێنێکەوە بە درێژایی کەناری نەرویژی سوپای ئەڵمانیا دابەزی داگیریکرد .ئەمە لەکاتێکدا هێزی دەریایی فەرەنسی و بەریتانی لە کەنار ئاوەکانی نەرویژدا کە کەشتیەکانی ئەڵمانیای پێدا تێدەپەڕی ناوچەکەیان مینرێژ کرد [18].

بەریتانیەکان توانیان کەشتی گەلی ئەڵمانی بەناوی تمارک لە نەرویچ تێکبشکێنن و سێ سەد دیلی بەریتانی ئازاد بکات و ئەمە زیاتر هتلەری هاندا بۆ داگیرکردنی دانمارک و نەرویچ .کەشتی ئەڵمانەکان بەچەکەوە دەستی بەسەر دانمارک و شار و بەندەرەکانیدا گرت، سەبارەت بە نەرویچیش فڕۆکە ئەڵمانەکان لە شەودا هەستان بە ڕەوانەکردنی سەرباز و هەفتەیەکی نەخایەند ئەڵمانیا دەستی بەسەر بەشی هەرە گەورەی وڵاتی نەرویچدا گرت .هتلەر دوو ئەوەندەی هاوپەیمانەکان سەرباز و چەکی هێنابووە ئەم ناوچەیە و هێزەکانی ئەڵمان توانیان هێزەکانی هاوپەیمانی لە بەندەری نارفیک بەتەواوی لەناوبەرن ئەم سەرکەوتنانەی ئەڵمانیا هێزە هاوپەیمانەکانی ناچار کرد بکشێتەوە لەم ناوچەیە و ئەم سەرکەوتنە خێرایەی کە هتلەر لە نەرویچ بەدەستی هێنا، بەم شێوەیە ئاسنی خاوی بەدەست کەوت لەگەڵ بەندەری نارفیک و چەندین بەندەری تر[19].

[18] سامان حسێن : س.پ ، ل. ١٤٤.
[19] ئەرسن موسا ڕەشید : س.پ ، ل.١٦٥ .

## هێرش بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت

لە ڕوانگەی هتلەرەوە مرۆڤی باڵا کەسێک بوو کە بنەچەیەکی ئاریایی هەبوو پێستی سپی موی بۆر و چاوی شین و باڵای بەرز لە تایبەتمەندیەکانی بوون .هتلەر هەموو مرۆڤەکانی تری بەتایبەت جولەکەکان و خەڵکانی ناوچەی ئیلاڤی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی لەوانە ڕووسەکان بە ڕەگەزی بێ دەسەڵات دەزانی[20] .
هتلەر پێی وابوو ڕوسیای سپی و ئۆکرانیا گۆڕەپانێکە بۆ فراوانخوازیەکانی ئەڵمانی لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا بۆ دەستگرتن بەسەر پیشەسازیەکانی ڕووس و لەگەڵ سوود وەرگرتن لە مادده ئاسنیەکانی لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ هێرشی ئەڵمانی بۆ سەر سۆڤیەت دەستی پێکرد[21].

هەشت هەزار پارچە تۆپی ئەڵمانی لە بەڵتیق و دەریای ڕەشدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و کتوپڕ دەست دەکەن بە ئاگربارانکردن .هەموو بەشێکی بچوک لەبەشەکانی ئەم جەنگە ترسناکە وێرانکارە بە دوو قۆناغ ئەنجامدرا، قۆناغی یەکەم سوپا ئەڵمانییەکەی کە لە بەرەی باکوردا جێگیربوون پەلاماری لینین گراند بدەن وە ئەو سوپایەی کە لەبەرەی ناوەڕاستدا جێگیر کرابوون مۆسکۆ داگیر بکەن بەڵام لە قۆناغی دووەم بۆ پلانی ئەڵمانیا دەبێت گەمارۆی باڵە ڕووسییەکان بدەن لە پشت مۆسکۆوە .ئەگەر ئەم ئامانجە پێش زستانی ١٩٤١ جێبەجی کرد ئەوا دەبێت سوپای ئەڵمانی سەرکەوتوو لەپاش دەرکردنی پاشماوەی سوپای سوور بەرەو سیبریا بەدرێژایی هێڵی درێژ کە لە سەرەتای زەریای بەستەڵەکەوە دەست پێدەکات و لە دەریای قەزوین کۆتایی دێت خۆی جێگیربکات، بەم شێوەیە ڕژێمی سۆڤیەت بەپێی خەملاندنی هتلەر دووچاری ڕووخان دەبێتەوە[22].

---

[20] فیلیپ گاڤن : س.پ ، ل.٧٥ .
[21] ئەرسن موسا ڕەشید : س.پ ، ل.١٧٨ .
[22] ڕەمەزان لاوەند : س.پ ، ل. ١٤١ .

## ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بەریتانیا - فەڕەنسا – ئیتاڵیا

دوای ئەو سەرکەوتنانەی کە هاوپەیمانان بەسەر سوپای ئەڵمانی و ئیتاڵیدا لە باکوری ئەفریقا بەدەستیان هێنا بەتەواوی دەریای ناوەڕاستیان کۆنترۆڵ کرد و سووپاکانیان لە ١٠ی تەموزی ١٩٤٣ لە دوورگەی سەقەلیە دابەزاند، کە سوپای ئەڵمانی بەرگریەکی زۆر توندی کرد بەڵام سوپای ئیتاڵی بەرگریەکەی بەوجۆرە نەبوو ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئیتاڵییەکان قینیان بەرانبەر ئەڵمانەکان هەبوو چونکە هەموو شتێک لەژێر دەستی ئەواندا بوو هەرچۆنێک بێت لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٤٣ دا هاوپەیمانان دەستیان بەسەر سەقەلیەدا گرت[23].

لەپاش دوو هەفتە لە دابەزینی هێزە هاوپەیمانەکان لە سەقەلیە کاتێک شەڕەکان لەوپەڕی توندیدا بوون کودەتایەک لە ئیتاڵیا ڕوویدا و سەرۆک بنیتۆ مۆسۆلینیان دەرپەڕاند، بۆیە پاشا داوا لە مارشال بادۆلیۆ دەکات حکومەتێکی تازە پێکبهێنێت .بادۆلیۆ هەوڵیدا کە مۆسۆلینی دەست بەسەر بکات و سەرکەوتوو بوو، هەروەها چەند نوێنەرێکی نارد بۆلای هاوپەیمانان بۆ لێکۆڵینەوە لە مەرجەکانی ئاگربەست و لە ٣ی ئەیلول ئیمزا لەسەر ئاگربەستێکی نهێنی کرا لە شاری سیراکۆزا لە دورگەی سەقەلیە .ئەڵمانەکان پاش چاوەڕوانی ئاگربەستەکە توانیان دەست بگرن بەسەر هەموو خاڵە ستراتیژیەکان لە ئەڵمانیا ڕۆمای پایتەخت و دۆڵی بۆی پیشەسازیان داگیرکرد[24] کە ڕۆما یەکەم پایتەختی ئەوروپا بووە کە لەژێر دەستی هتلەر هێنرایە دەر دواتر دوای چەند مانگێک شارەکانی تری ئیتاڵیا کەوتنە ژێر دەستی هاوپەیمانان و لە نیسانی ١٩٤٥ دا هاوپەیمانان بڕیارياندا دواین هێرش بکەنە سەر ئەڵمانەکان و لەو کاتەشدا لە ناوەوەی ئیتاڵیا شۆڕش دژی ئەڵمانەکان دەستی پێکرد و بەهاوکاری لەگەڵ هاوپەیماناندا توانیان سەرجەم شارە گرنگەکانی ئیتاڵیا لە ژێر دەستی ئەڵمانەکان دەربهێنن .ئەڵمانیا دوای ئەوەی زانی ئەگەری سەرکەوتنیان نەماوە بۆیە سوپای ئەڵمانی لە ئیتاڵیا خۆیاندا بەدەستەوە و لە مایسی ١٩٤٥ـەوە جەنگ لە ئیتاڵیا کۆتایی پێهات و ئەڵمانیاش زیانێکی لۆجستی و ماددی و سەربازی زۆری بەرکەوت و بەشێکی هەرە زۆر لە سەرباز و ئەفسەرە چالاک و دیارەکانی لەدەستدا[25].

---

[23] سامان حسێن : س.پ ، ل.١٥٩.

[24] ڕەمەزان لاوەند : س.پ ، ل.٣٣١ .

[25] سامان حسێن : س.پ ، ل.١٦٠ .

سەبارەت بە فەڕەنساش هاوپەیمانە ئینگلیز و فەڕەنسەکان هەوڵیاندا گەورەترین پڕوپاگەندە لە دژی دیکتاتۆریەتی سیاسەتە سەربازیەکەی هتلەر لە هەموو جیهاندا سازدەدەن بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .جگە لەمانەش سەرۆکی سوپای ئینگلیز تیمێکی سەربازی نارد بۆ سوپای فەڕەنسا بۆ وەڵام دانەوەی هێزە ئەڵمانەکان وە ئینگلیزەکان لە لایەکی دیکەشەوە گەمارۆی دەریاییان خستە سەر ئەڵمانەکان بۆ ئەوەی نەهێڵێت خۆراک و کەلوپەلیان لە ڕێگەی دەریاوە پێبگات، بەڵام هتلەر ئەم گەمارۆی لەت و پەت کرد و پلانی دانا بۆ لێدانی فەڕەنسا و وڵاتە دراوسێکانی[26] .سوپای فەڕەنسا کە بەهۆی لاوازی جەنەڕاڵەکانی ورەیان لەبەر براوو لەبەر بەری داروخاندا بوو .ئەڵمانەکان بە دووقات سەربازی زیاتری ئامادە بەخزمەت و لەشکری زرێپۆشەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا پاشماوەی سەربازانی فەڕەنسایان لەناوبرد دەوڵەتی فەڕەنسا لە ١٠ی حوزەیران پاریسی جێهێشت و ڕایکرد و شارەکەی وەک شارێکی بێ بەرگری ناساند.

داگیرکردنی فەڕەنسا لەڕێگەی جەنگە بروسکەئاسا سەرسوڕهێنەکەوە هەموو شەش حەوتەی پێچوو، هتلەر لە گەورەیی ئەم سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرە خۆشحاڵ بوو بۆ خۆی هات و خۆبەدەستەوەدانی فەڕەنسای لەنێوو هەمان واگۆنی شەمەندەفەرەوە پەسەند کرد کە دوو دەیە پێشتر لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئەڵمانیا خۆی بە دەستی فەڕەنسا دابوو .هەلومەرجی خۆبەدەستەوە دانەکە پێویستی دەکرد کە فەڕەنسییەکان گشت پەنابەرانی دژ بە نازی لەگەڵ هەموو جبەخانەی هێزی دەریایی فەڕەنسا بەدەستەوە بدەن، هتلەر بۆ هاندانی فەڕەنسییەکان سەبارەت بە هاوکاری باشوری فەڕەنسای داگیر نەکرد و و ڕێگەیدا بەڕێوبەرایەتی کاروباری ڕۆژانەی هەموو وڵات لەدەست فەڕەنسییەکاندا بمێنێتەوە و ڕژێمێکی هاوپەیمانی ئەڵمانیای بە سەرۆکایەتی مارشاڵ پیتن کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا خاوەن ناوبانگ و جێی باوەڕ بوو دامەزراند بوو . دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی فەڕەنسای پێدرا ئەم ڕژێمە بە گوێڕایەڵی هتلەر مایەوە[27] .دوای ئەو سەرکەوتنانەی هاوپەیمانان لە بەرەکانی ئەفریقا و ئیتاڵیا و ڕوسیا بڕیاریاندا لە بەرەی ڕۆژئاواوە هێرش بکەنە سەر ئەڵمانەکان بۆیە هێزی هاوپەیمانان لە ٦ی حوزەیران لە کەنارە باکوریەکانی فەڕەنسا دابەزین و زۆر بە ئاسانی بەشێک لە ناوچەکە بگرن و چەند بنکەیەکی دەریایی بکەنەوە.

---

[26] ڕەمەزان لاوەند : س.پ ، ل.١٦٠ .
[27] فیلیپ گاڤین : س.پ ، ل. ٤٣ .

سوپای ئەمریکی توانی لە ٢٦ی حوزەیران بچێتە شاری شلبوک و سوپای بەریتانیاش بەرەو داگیرکردنی شاری کاین ڕۆشت .دوای یەک مانگ لە شەڕی توندوتیژ توانیان بچنە ناو شارەکەو دواییش گەیشتنە وشکانی فەڕەنسا و لە هاوینی ١٩٤٤ بەدواوە ئەڵمانییەکان شار لەدوای شار فەڕەنسایان جێدەهێشت و حکومەتی پاریس دامەزرێنرا و لەلایەن ئینگلیز و ئەمریکا دانپێدانرا[28] .سەبارەت بە بەریتانیاش لەم جەنگە سەرەڕای ئەوەی بەریتانیا بەتەنیا لە گۆڕەپان مایەوە بەرانبەر شاڵاوی ئەڵمانیا، بەریتانیا بڕیاری بەردەوامی جەنگیدا دوای شکستی فەڕەنسا بۆ ماوەیەک کردەوە سەربازیەکانی ئەڵمانیا وەستێنرا بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگێکی گەورە ئەویش هێرشکردن بوو بۆ سەر دورگەی بەریتانیا.

لەسەرەتای مانگی ئابدا دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا شەڕی بەریتانیایان ڕاگەیاند ئەم شەڕە ناسراوە بە هێرشی گەورەی ئاسمانی کە لە ٨ی ئاب دەستی پێ کرد بەبێ پچڕان تاکوو کۆتاییەکانی تشرینی دووەم و شەڕەکە بە سێ قۆناغ تێپەڕی ئەڵمانیا هێرشی ئاسمانی دەستپێکرد بۆ سەر بەریتانیا، فڕۆکە ئەڵمانەکان کە دەکەوێتە خوارەوە دوو ئەوەندەی فڕۆکە ئینگلیزەکان زەرەرمەند دەبوون[29] ڕۆژبەڕۆژ زیانەکانی هەردوولا ڕوو لە زیادبوون بوون هێزی ئاسمانی پاشایەتی زیاتر لە هەزار فڕۆکەی ئەڵمانی لەکارخست، بەڵام پاشەکەوتی فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیا بە شێوەیەکی نائومێدانە ڕوو لە تەواو بوون بوو، بەڵام ئەڵمانییەکان ئاگاداری ئەوە نەبوون کە هێزی ئاسمانی پاشایەتی لە حاڵی لەناوچوندایە دواتر ئەڵمانییەکان کتوپڕ هێرشەکانی خۆیان لەسەر فڕۆکەخانە کاولبووەکانی هێزی ئاسمانی پاشایەتی گواستەوە و لە بەرانبەردا هەستان بە بۆردومان کردنێکی شەوانەی خەڵک لە لەندەن بە مەبەستی ناچارکردنیان بۆ خۆبەدەستەوەدان[30].لەگەڵ ئەمەشدا ئەڵمانەکان بەردەوام بوون لە هێرشە ئاسمانیەکانیان بەشەو بەشێوەیەکی بەرفراوان، یەکەم جار هێرشیان بۆ سەر لەندەن بە شەو چڕکردەوە دواتر بۆ شارەکانی دیکە .فڕۆکە جەنگیەکانی ئەڵمانیا زیاتر هێرشەکەیان بۆ سەر شارەکانی وەک ساوسهمتن و پلیمس و لیڤەرپوڵ و برستل و ئەوانی دیکە بوو دواتر مەیدانی چالاکیەکانیان گواستەوە بۆ شارە پیشەسازیەکان[31].

---

28 سامان حسێن : س.پ ، ل.١٦٢ .

29 ئەرسن موسا ڕەشید : س.پ ، ل.١٧٠-١٧١ .

30 فیلیپ گاڤین : س.پ ، ل. ٧٣ .

31 هـ.ا.ل فیشەر : س.پ ، ل. ٦٣٧ .

# هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ ناو جەنگ

ئەگەر چی ئەمریکا لە کاتی دەستپێکردنی جەنگدا سیاسەتی گۆشەگیری پەیڕەو دەکرد و بڕیاری بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە سەرەتاوە ئەمریکییەکان لە بەرەی ئەڵمانی دڵنیا نەبوون بەڵام لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕدا لەسەرەتاوە ئەمریکا بەبێ جیاوازی ئابلۆقەی هەڵگرتنی چەکی خستەسەر هەردوو لایەنی شەڕکەر .گەرچی هەر لە سەرەتاوە ڕۆزڤێڵد مەیلی زۆری بەلای هاوپەیمانانداا ئەوەبوو لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩ گۆنگرێس کەرەستە جەنگیەکانی بە بەریتانیا و فەڕەنسا دەفرۆشت بەو مەرجەی پارەکەی بە نەقت بێت و بە کەشتی ئەمریکی نەگوازرێتەوە .ئەوەی وایکرد ئەمریکا بێتە ناو جەنگ[32]

یەکەم /مەترسی ئەمریکا لە دەست بەسەرداگرتنی ئەوروپا لەلایەن ئەڵمانیاوە ئەمەش زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەگەیەنێت.

دووەم /ویلایەتە یەکگرتووەکان وای بەباش زانی شان بەشانی بەریتانیا و فەڕەنسا بچێتە ناو شەڕەکەوە نەوەک لە پاشەڕۆژدا ناچاربێت بەتەنیا ئەو شەڕە بکات .

سێیەم /ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوتبووە سەر ئەو باوەڕەی کەوا بەریتانیا هێڵی پێشەوەی بەرگریکردنی ئەمریکایە.

چوارەم / ناڕەحەتی ئەمریکا لە ئاست سیاسەتی یابان لە ڕۆژهەڵاتدا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە دەیویست دەست بەسەر ئەو تاوانەدا بگرێ و هەڕەشەی لە بەرژەوەندی ئەمریکا و جیهان دەکرد[33] .بەڵام کاتێک فەڕەنسا هەرەسی هێنا لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠ هەروەها بەریتانیا و داگیرگەکانی بەتەنیا کەوتنە جەنگان لە دژی ئەڵمانیای بەهێز، ویلایەتە یەکگرتووەکان بە گرنگیەوە دەیڕوانییە پێگەی بەشێوەی بەریتانیا[34].

---

[32] سامان حسێن : س.پ ، ل.١٥٢-١٥٥ .

[33] عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی : س.پ ، ل.٢٥٦ .

[34] هـ.ا.ل فیشەر : س.پ ، ل.٦٤٦ .

- لەشەڕی جیهانیی دووەمدا، ئەمریکا دیسان بێلایەن بوو، بەڵام پاش داگیرکرانی پۆلەند لە لایەن نازییەکانەوە، ئەمریکا بە ناردنی پێداویستییەکانی شەڕ بو هێزەکانی هاوپەیمانی و دواتر، کە ژاپۆن هێرشی کردە سەر شارێکی ئەمریکا، بە فەرمی بووە ئەندامی هاوپەیمانان و تێکەڵ بە شەڕ بوو .

هەلی کارکردن بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە لە ساڵانی جەنگ، ئەمریکیەکان لەناو بەرەی ناوخۆییدا خۆیان بەجۆرێک بینیەوە کە دەتوانێت بە ئاسانی کار بدۆزنەوە .لەساڵی ١٩٤٥ سەرۆکیتێ وتی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکی هاری ئیس ترومان باس لە واقیعێکی ڕوون و ئاشکرا کرد کاتێک وتی ئێمە نەک تەنیا وەک بەهێزترین نەتەوە لەو جەنگە هاتینەدەر بەڵکوو بوینە بەهێزترین نەتەوە بەدرێژایی مێژو[35]سەرکردەکانی ئەمریکا لە هەلێک دەگەڕان تا هەژموونی وڵاتەکەیان بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بسەپێنن ئەم هەلەش بە هەڵگیرسانی هەردوو جەنگە جیهانیەکە بۆیان ڕەخسا[36] .

دیارترین ئاسەواری جەنگی جیهانی دووەم لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیادکردن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئابووری نیشتمانی ئەمریکی بوو، هەروەها لە توانای بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنی لەدەرەوەی وڵات سەرەڕای پەرەسەندنی توانای سەربازی .لە ئەنجامی ئەو شەڕەی لە ئەوروپا ڕوویدا ئابووری ئەمریکی بوژایەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتێک جەنگی جیهانی دووەم تەواوبوو بەهێزترین دەوڵەت بوو لە ڕوی سەربازی و ئابووریەوە و هەموو داهاتەکانی خستە خزمەت جەنگەوە . ئەوروپاش کە لە شەڕەکە هاتە دەرەوە لە هەموو ڕوویەکەوە توشی ڕووخان بووبو سەربازی ئابووری بەتایبەت ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بەڵام بەریتانیا و فەڕەنسا سەرەڕای ئاستەنگی ئابووریان بەڵام کە شەڕەکە تەواوبوو بنکە و دەسەڵاتی خۆیان لە ئەفریقا و ئاسیادا پاراست و بۆیان مایەوە[37].

---

35 ڕۆبەرت جەی مەکمان : جەنگی سارد ، و.شاناز ڕەمزی ، ٢٠١٧ ، ل.٢٠-٢٦

36 د.ئاراس فەریق : مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ، چ٢ ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی ٢٠١١ ، ل.١١

37 عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی : س.پ ، ل. ٢٦٧-٢٦٨ .

## هۆکارە سەرەکیەکانی شکستی ئەڵمانیا

لەناو پلان و نەخشە جۆربەجۆرەکان بۆ کوژرانی هتلەر لە کاتی شەڕدا سەرکەوتوترین و نزیکترین پلانیان نەخشەی جەنەڕاڵەکان و نیشتمان پەرستە ئەڵمانییەکان بوو .باوەڕیان وابوو بە کوژرانی هتلەر وڵاتەکەیان ڕزگاری دەبێت لەو شەڕوشۆڕە و دەبێت جارێکس دیکە ئەڵمانیا بچێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ و چیتر وڵاتەکەیان بەرەو وێرانی نەچێت .بەپێی ئەو پلانە لە یەکێک لە ژوورەکانی کۆنفرانس بنکەی فەرماندەی هتلەر بۆمبێک تەقەوە، بەڵام هتلەر بە سوکی بریندار بوو دوابەدوای ئەم ڕووداوە هتلەر ترسی لێنیشت و فەرمانی گرتنی هەزاران کەسی دەرکرد بە سەدانیان لەسێدارەدران[38].

شەڕی دووەمی جیهانی لە ئەوروپا بەرەو کۆتایی دەڕۆشت ئەڵمانیا زۆری نەبرد هێزەکانی لە ڕۆژئاوا شکستی هێنا لە ڕۆژهەڵاتیش هەمان شت توشی شکست هاتن سوپای سۆڤیەت چووە ناو پۆڵەنداوە و گەیشتە خاکی ئەڵمانیا .دواتریش یەکە سەربازیەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت چونە قوڵایی خاکی ئەڵمانیاوە و چوونە ناو بەرلینی پایتەخت بەوەش شەڕ لە ئەوروپا کۆتایی هات، بە گرتنی بەرلین ورەی ئەڵمانییەکان هاتە خوارەوە و لەبەرەکانی تریشدا شکان لە ٤ی ئایاری ١٩٤٥ هێزەکانیان لە باکوری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و هۆڵەندا و دانیمارک خۆیان بەدەستەوەدا هێزەکانی ئەڵمانیاش لە باکوری ئیتاڵیا هەر لە ٣٠ی نیسانەوە چەکەکانیان فڕێدا بەمجۆرە رایخی ئەڵمانی سێیەم ڕووخا .کە هتلەر داینابوو سەد ساڵ بەردەوامی هەبێت هتلەر خۆی کوشت و تەرمەکەشی نەدۆزراوە[39] .جگە لەمەش جەنگی جیهانی دووەم بە هەرچی ڕووداوەکانییەوە کێشەیەکی ئابووری و دارایی خستەوە و بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕووبەڕووی ئایندەیەکی نادیاری ئابووری کردەوە، چونکە ئەو وڵاتانە پێویستیان بە ئابووری و داراییەکی گەورە بوو بۆ باشکردنەوەی دۆخی ئابووری خۆیان[40].

---

38 شەریف مقەدەم : جەنگی جیهانی دووەم ، و.سەمیر حسێن ، ٢٠١٠ ، ل.٢٥٨

39 عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی : س.پ ، ل.٢٦١ .

40 سامان حسێن : س.پ ، ل.١٧٠ .

## دەرئەنجامەکانی جەنگی جیهانی دووەم

سەرکردە سەربازیەکانی ئەوکات چۆن دەیانتوانی کودەتا لەسەر هتلەر بکەن لە کاتێکدا کە هتلەر دەسەڵاتی بەسەر گشت هێزە جەماوەری و حکومیەکاندا هەبوو[41].بە کۆتایی هاتنی جەنگ کۆتایی بە ترسی ئەڵمانیا و ململانێ سەربازیەکان هات، هەریەک لە ئەڵمانیا و وڵاتە شەڕکەرەکانی تریش ڕووبەڕووی کاولکارییەکی گەورە لە شار و کێڵگە و کارگە و هێڵەکانی گواستنەوە و پرد و دەزگا پیشەسازیەکان بوون، هەروەها چەندین کێشەی تری وەک دیل و بێکاری و بێوەژن و هەتیووی خستەوە .جگە لەوەی کە کۆتایی بە سیستمی کۆنی باڵادەستی ئەوروپی هێنا و بەریتانیای لەسەرجەم پێگە نێودەوڵەتییەکان و سەروەرێتی ئابووری و سیاسی جیهان هێنایە خوارەوە و دوای ئەوە دوو زلهێزی تر دەرکەوت وەک ئەمریکا و سۆڤیەت.

یەکەم/ ئاوارەبوون - لە ئەنجامی ئەم جەنگەدا تەنیا لە ئەوروپا نزیکەی بیست و یەک ملیۆن کەس ئاوارەبوون بێ شوێن و جێگە کەوتن کە نزیکەی پێنج ملیۆن ڕووسی و ملیۆن و نیوێک پۆڵەندی و ملیۆن و نیوێک فەڕەنسی بوون .هەر بۆیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە لە ساڵی ١٩٤٣ کۆمەڵەی تایبەت هاتە ئاراوە.

دووەم/ یەکێکی تر لە ئەنجامەکان کاولکاریە - کە مێژوو بەر لەوە شتی وەهای بەخۆوە نەدیبوو کە بوە هۆی ڕووخانی سەدان و هەزاران خانوو و ماڵ و کارگە و خوێندنگە و نەخۆشخانە و کێڵگەی کشتوکاڵی و ڕێگە و ئامرازەکانی گواستنەوە لە ئەوروپا ئەمە جگە لەوەی کە ناکازاکی و هیرۆشیما بەتەواوی کاولبوو بوون.

سێیەم/ تاوانەکانی جەنگ - ئەم جەنگە جگە لەوەی بە ملیۆنان کەسی لەناوبرد و بە ملیۆنان بێوەژن و برینداریشی لێکەوتەوە زۆربەی تاوانەکان لە چوارچێوەی دژە مرۆیی بوون .ئەو کەسانەی کە بەشداربوون لە سێدارەدران و دادگایی کران و بەشێکیان بە زیندانی هەتاهەتایی سزادران و بەشێکی تریشیان بەکرداری خۆکوژی خۆیان لەناوبرد[42].

---

[41] سوپا سالار کۆشەر بلومنترین :نهێنیەکانی شەڕی دووەمی جیهانی ، و.یاسین هێژا ، چ١ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل.٥٤
[42] سامان حسێن : س.پ ، ل.١٧٠-١٧١.

## دەرئەنجام

جەنگی جیهانی دووەم بە مردنی هتلەر کە یەکێکە لە گەورەترین دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستەم و دۆرانی ئەڵمانیا لە جەنگ کۆتایی پێ هات .نزیکەی حەفتا و حەوت ساڵ پێش ئێستا کە بووە هۆی مردنی چەندەها کەس و کاولکارییەکی گەورە کە مێژوو جەنگێکی لەو جۆرەی بەخۆوە نەدی بوو .

لە نووسینی ئەم توێژینەوەدا گەیشتینە کۆمەڵێک دەرئەنجام بەکورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین

١/ ئەڵمانیا دەیویست قەرەبووی ئەو زەرەر و زیانە زۆرانەی کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کەبەسەری هات کەم بکاتەوە بەوەی کە هێرش بکاتە سەر وڵاتانی دراوسێ و داگیریان بکات.

٢/ هتلەر لە دژی پەیماننامەی ڤێرسای بوو کە کۆتوبەند بوو بەسەر ئەڵمانیادا سەپێنرابوو لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە.

٣/ بەفیڕۆدان و تەرخانکردنی چەندین ملیار دۆلار لە سامانی وڵات و بێ ئیش و کارخستنی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی بەو شەڕانە و لەکار لابردنیان لەسەر کارکردن لە کارگە و شوێنە حکومیەکاندا

٤/ هەژاری و برسێتی و ئاوارەیی و بێ ماڵ و حاڵبوونی هاووڵاتیانی ئەڵمانیا و وڵاتانی بەشداربوو لەجەنگ.

٥/ ئیمپراتۆریەتی هتلەر لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی خەڵکی ئەڵمانیا بنیادنرابوو کە هەر فەرمانێک هتلەر دەری دەکرد دەبوو جێبەجێ بکرایە.

٦/ یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم جەنگە بریتیبوو لە شکستی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم و دەیویست تۆڵەی ئەو شکستە بکاتەوە هەروەها سەپاندنی پەیمانی ڤێرسای کە هتلەر قبوڵی نەبوو.

٧/ جەنگی جیهانی دووەم پێکهاتبوو لە هێرشەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر ئیتاڵیا و بەریتانیا و فەڕەنسا و دانیمارک و نەرویج و هتد..

٨/ ئەگەرچی ئەمریکا سەرەتا بێ لایەنبوو لەم جەنگە بەڵام دواتر کۆمەڵێک هۆکار وایکرد کە ئەمریکا دژی ئەڵمانیا بێتە جەنگەکەوە و لە هەردوو جەنگەکەدا ئەمریکا بووە کەسی یەکەم لە سوود وەرگرتن لەو قەرزانەی کە بە وڵاتانی دابوو.

٩/ ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت دەبنە کابوسێکی ترسناک بۆ ئەڵمانیا و دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی ئەڵمانیا.

١٠/ ئەم جەنگە بووە هۆی دابەزینی ئاستی ئابووری و سیاسی و پێگە نێودەوڵەتییەکەی بەریتانیا.

لەکۆتاییدا دەکرێت ئەوە بڵێین کە ئەگەر ئەم جەنگە گەورەیە کۆتایی پێ نەهاتبا ئەوا چی ڕوویدەدا..؟؟ یەکێک لە ئەنجامەکان ئەگەر ئەڵمانیا نەدۆڕایە، و هتلەر خۆی نەکوشتبا دەتوانین بڵێین هەرچەندە تا ئێستاش ئەڵمانیا بەهێزە بەڵام گەر براوە بوایە ئەوا ئەمڕۆ دانی بە ڕووسیادا نەندەنا وەک زلهێزێک و تەختی پاشایی و دکتاتۆری بۆ خۆی دەبوو هەروەها وەک ئاشکرایە ئەڵمانیا و بەتایبەت لە سەردەمی هتلەر توشی ڕەگەزپەرستییەکی ئێجگار گەورە بووبووەوە کە ئەگەر بەردەوام بوایە تا ئێستا جیهانی بەتەواوی توشی ڕەگەزپەرستی دەکرد هەروەها جولەکان یەکێکن لەوانەی کە هتلەر ڕقێکی زۆری هەبوو بۆیان هەر بۆ ئەوەش چەندین تەندوری بۆسوتانیان دروست کردبوو گەر بەردەوام بوا ئەوا نەک هەر جولەکە نەداما بەڵکوو ئەمڕۆ وڵاتێک نەدەبوو بەناوی ئیسرائیل هەروەها گرنگترین و ترسناکترن دەرئەنجام ئەوە دەبوو کە ئەڵمانیا تەنیا خۆی دەبووە خاوەن چەکی ئەتۆم. هەموو ئەمانە کۆمەڵێک پێشبینی و هەندێک ڕاستییە کە ئەگەر ئەڵمانیا براوە بوایە ڕوویدەدا.

## لیستی سەرچاوەکان


د.ئاراس فەریق : مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ، چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی ، ٢٠١١ .

پ.د ئەرسن موسا ڕەشید : ڕۆڵی ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی ، گۆڤاری مێژوو ، ژمارە١٦ ، چاپخانەی منارە ، بێ ساڵی چاپ .

داڤید گیڵینگرەی : دوو جەنگی جیهانی ، وەرگێڕانی ئاگر ئەفشین ، بێ ساڵی چاپ ، بێ شوێنی چاپ.

ڕەمەزان لاوەند : جەنگی جیهانیی دووەم ، وەرگێڕانی سەفین لاوچاک ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٧

ڕۆبەرت جەی مەکمان : جەنگی سارد ، وەرگێڕانی شاناز ڕەمزی ، بێ شوێنی چاپ ، ٢٠١٧

سامان حسێن : زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی تا کۆتایی جەنگی سارد ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٢

سوپا سالار کۆشەر بلومنترین : نهێنیەکانی شەڕی دووەمی جیهانی ، وەرگێڕانی یاسین هێژا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠٠٨

شەریف مقەدەم : جەنگی جیهانی دووەم ، وەرگێڕانی سەمیر حسێن ، بێ شوێنی چاپ ، ٢٠١٠

د.عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی : مێژووی ئەمریکا ، وەرگێرانی محمود عەبدوڵا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، بێ ساڵی چاپ

فیلیپ گاڤن : جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەوروپا ، وەرگێرانی عەبدوڵا عومەر نەژاد ، چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، بێ ساڵی چاپ

گیل بی ستوارت : ئیمپراتۆریەتی هتلەر ، وەرگێرانی هەژار ڕەحیمی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، بێ ساڵی چاپ

محەمەد ڕزگار : جەنگی جیهانی دووەم، ٢٠٢١/٤/٩ ٢٠٢٣/٥/٣ ، کۆدی بابەت ٤٣٢٤ https://zaniary.com/blog/60705ce3dc4e4

هـ.ا.ل فیشەر : مێژووی نوێی ئەوروپا ، وەرگێرانی شوکرو سلێمان سەروین ئەرجان ، چاپی سێیەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٥

# پاشکۆ

وێنەیەک لە ڕۆژنامەی EXTRA کە مردنی هتلەری ڕاگەیاند



HITLER DEAD

Fuehrer Fell at CP, German Radio Says;
Doenitz at Helm, Vows War Will Continue

Churchill Hints Peace Is at Hand

وێنەیەکی دەگمەنی هتلەر و مۆسۆلینی سەرۆکی ئیتاڵیا و چەند سەرکردەیەکی تر




وێنەی سەربازە دیلەکانی نازی لەلایەن ئەمریکاوە لە هۆڵێکدا کۆکراونەتەوە فیلمێک دەربارەی تاوانەکانی سوپای ئەڵمانیا پەخش دەکەن بۆیان لە ساڵی ١٩٤٥



بەهۆی هێرشی نازیەکانەوە بۆسەر گوندەکانی باگراڤیۆن و باگرۆڤ لەشارۆچکەی کیمیرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٢ ڕووسیا سەدان هاوڵاتی بودی ئەو گوندانە لەناو بەفردا ڕەقبونەوە کە زۆربەیان منداڵ بوون



وێنەیەکی جوگرافی ئەڵمانیا لە لوتکەی دەسەڵاتی لە ئەوروپادا



وێنەی دەستپێکی یەکەم ڕۆژی جەنگی جیهانی دووەم





سوتاندنی جوولەکەکان لە لایەن ئەڵمانیاوە




پلانی گرتنەوەی کەشتی (نۆرماندی) فەڕەنسا لەلایەن هاوپەیمانانەوە





یەکێک لە داهێنانە هەرە گەورەکانی ئەڵمان بریتی بوو لە بەکارهێنانی کۆتر و بەستنی کامێرایەک پێیەوە بۆ چاودێری کردنی دوژمن



وێنەی شاری بەرلین ڕۆژێک پاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم




چەند وێنەیەکی دەگمەنی کەوتنی بەرلین ١٩٤٥










**وێنەی هتلەر**



**هەڵکردنی ئاڵای ئەمریکا دوای بردنەوەی لە جەنگ**



یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترین چەکەکانی جەنگی جیهانی دووەم



لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم لەناو هێزی ئاسمانی سۆڤیەت گروپێک فڕۆکەوانی ئافرەت هەبوون ناسرابوون بە جادوگەرانی شەو ئەم فڕۆکەوانانە بەکاتی شەو بە فڕۆکەکانیان هێرشیان دەکردە سە ئەڵمانییەکان .پێش ئەوەی بگەنە شوێنی ئامانجەکە مەکینەی فڕۆکەکانیان دەکوژاندەوە تاکوو بۆمبەکانیان فڕێ دەدا بۆیە زۆر بەوردی ئامانجەکانیان دەپێکا و ئەڵمانەکانیش نەیان دەتوانی ئاشکرایان بکەن .هێندە کاریگەر بوو سەرکردایەتی ئەڵمانیا بڕیاری دەرکرد هەر فڕۆکەوانێک ئەڵمانی یەک جادوگەری شەو بخاتە خوارەوە ڕاستەوخۆ مەدالیای ئایرۆن کرۆس وەردەگرێت

